له بڕی پێشەکی:

# (هەڵوێستي كوردستان له بەرامبەر راپۆرتی بیكەر- هامیلتۆن)

1. نەهاتنی ئەندامانی لیژنەی بیكەر- هامیلتۆن بۆ كوردستان،بەهەر هۆیەك بێت،كەم و كوڕیەكی زۆر له ئۆپراسیۆنی هەڵسەنگاندنەكە دروست دەكات و راپۆرتەكە متمانە لەدەست دەدات.
2. راسپاردەی(26) داوای پێداچوونەوەی دەستوری عێراقی بە هاوبەشی پسپۆڕانی نەتەوە یەكگرتوەكان دەكات.بە ڕای ئێمە هەر پێداچوونەوەیەكی دەستووری عێراق دەبێ له چوارچێوەی خودی دەستوورەكەوە بكرێت.بۆیە هەر گۆرانكاریەك لەدەرەوەی ئەو ئالیەتانە رەتدەكەینەوە، دەبێ هەموو لایەكیش ئەوە بزانن كە یەكپارچەیی عێراق بەندە بە پابەندبوون بەو دەستوورەوە.
3. راسپاردەی ( 28 ) داوای ئەوە دەكات كە داهاتی نەوت بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ناوەندی ، كە وای دەبینێ دەسەلاتی هەرێمەكان بەسەر بیرە نەوتە تازەكان ناكۆكە لەگەڵ ئۆپراسیۆنی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.سەبارەت بەم راسپاردەیە ئێمە پابەندبوونمان بەو دەستوورە تازە دەكەینەوە كە چارەسەری دروستی ئەم مەسەلەیە دەكات،هەرجۆرە گۆرانكاریەك لەم بوارە رەتدەكەینەوە.
4. لە راسپاردەی(30) كە تایبەتە بە كەركوك داوای دواخستنی جێبەجێكردنی مادەی(140) لە دەستوور و سەرپشك كردنی "كۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ هاریكاری عێراق، كە لێژنەكە پێشنیاری پێكهێنانی دەكات"، بۆچارەسەركردنی ئەم مەسەلەیە. بە رای ئێمە دەستوور میكانیزمی جێبەجێكردنی مادەی 140 و سەقفە زەمەنیەكەی دیاری دەكات، ئەمەش كەمترین شتە كە كورد پێی رازی بێت.بۆیە هەر دواخستنێكی پرۆسەی جێ بەجێكردنی ئەم مادەیە مەترسی گەورەمان لەلا دروست دەكات،كە ئەمە مەسەلەیەكە بە هیچ شێوەیەك گەلی كوردستان قبوڵی ناكات.
5. سەرجەمی راپۆرتەكە جەخت لەسەر بەهێزكردنی حكومەتی ناوەندی و لاوازكردنی دەسەڵاتی هەرێمەكان دەكاتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناكۆكە لەگەڵ بنەماكانی فیدرالیەت و ئەو دەستوورەی كە بناغەیەكی سەرەكی عێراقی نوێ پێكدێنێ. لێرەدا دووبارە تەئكید لەسەر ئەوە دەكەینەوە كە فیدرالیەت تاكە رێگایە بۆ پاراستنی یەكێتی عێراق.
6. راپۆرتەكە لە چەند بەشێكیدا بە روونی بەرژەوەندی و دووڈلی وڵاتانی دراوسێی عێراقی لە بەرچاو گرتووە و داوای رۆڵی گەورەتر بۆ ئەو وڵاتانە دەكات.بەڕای ئێمە ئەم خستنە ڕووە لەگەڵ بەرژەوەندی و سەروەری عێراق بە شێوەیەكی گشتی و لەگەڵ بەرژەوەندی گەلی كوردستان بە تایبەتی ناگونجێ ،ئەو مەسەلەیە بە دەستێوەردان لە كاروباری عێراق دەژمێردرێت.
7. راپۆرتەكە لەچەند برگەیەكی وەك (27) و (35)دا داوای رازی كردنی لایەنەكانی بەرهەڵستكاری پرۆسەی سیاسی دەكەن و پەنا دەبەنە بەر توند و تیژی بە بەشداری پێكردنیان لە دەسەڵات و حكومەت،ئەمەش بە رای ئێمە ناكۆكە لەگەڵ بەرژەوەندی زۆرینەی گەلی عێراق و پرۆسەی دیموكراتی.

8. له گه‌ڵ سوپاس وستایشمان بۆ سه‌رۆكی ویلایه‌ته یه‌كگرتوه‌كان جۆرج ده‌بلیو بۆش و ئیداره‌ی ئه‌مه‌ریكی به‌و رۆڵه‌ی گێڕایان له رووخاندنی رژێمی سه‌رنگون و هه‌وڵه‌كانیان له پێناو پشتگیری كردنی عێراقی نوێ، ده‌بینین كه لیژنه‌ی بێكه‌ر- هامیلتۆن چه‌ند پێشنیار و راسپارده‌یه‌كی نا واقیعی و نه‌شیاو بۆ جێ به‌جێكردنی خسته روو،به‌و بروایه‌ی كه ئه‌م راسپاردانه یارمه‌تی ئه‌مریكا ده‌دات بۆ سه‌ركه‌وتن به سه‌ر ئاسته‌نگه‌كان.ئه‌گه‌ر ئامانجی لیژنه‌كه سه‌پاندنی ئه‌م راسپاردانه‌یه به‌سه‌رمان، ئه‌وا به‌ناوی گه‌لی كوردستان رایده‌گه‌یه‌نین كه هه‌ر شتێك ناكۆك بێت له‌گه‌ڵ ده‌ستوور و به‌رژه‌وه‌ندیه‌كانی عێراق و كوردستان ره‌تی ده‌كه‌ینه‌وه.

9. ئه‌م راپۆرته یه‌ك ناگرێته‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی به‌رێز جێمس بێكه‌ر ته‌ئكیدی له‌سه‌ر كردوه كه له په‌یوه‌ندی ته‌له‌فۆنیدا ئاماژه‌ی به له‌به‌ر چاوگرتنی تایبه‌تمه‌ندی هه‌رێمی كوردستان له لایه‌ن لیژنه‌كه‌وه كرد.ئێمه پێشتر رای لایه‌نی كوردیمان له نامه‌كه‌ماندا بۆ لیژنه‌كه روون كردبۆیه‌وه.وادیاره كه لیژنه‌كه ناوه‌رۆكی نامه‌كه‌مانی له‌به‌رچاو نه‌گرتووه و ئاماژه‌شی پێنه‌داوه.

له كۆتاییدا ئه‌م روونكردنه‌وانه راده‌گه‌یه‌نین:

- ئیمه به هیچ شێوه‌یه‌ك پابه‌ند نین به راپۆرتی لێژنه‌كه.
- نابێ پرۆسه‌ی دیموكراتی و ده‌ستكه‌وته‌كانی گه‌لی عێراق و گه‌لی كورد پشتگوێ بخرێن به تایبه‌تی دوای هه‌ڵبژاردن و چه‌سپاندنی ده‌ستوور كه زیاتر له 80٪ی گه‌لی عێراق ده‌نگیان بۆدا و له لایه‌ن كۆمه‌ڵگه‌ی نێوده‌وڵه‌تییه‌وه پشتگیری لێكرا و له پێشوویانه‌وه‌ش ویلایه‌ته یه‌كگرتووه‌كانی ئه‌مه‌ریكا.
- ئێمه بڕوامان وایه كه به‌ر له‌وه‌ی خه‌ڵكی دیكه كێشه ئاڵۆزه‌كانی عێراق چاره‌سه‌ر بكه‌ن ، ده‌بێ عێراقیه‌كان خۆیان چاره‌سه‌ری بكه‌ن،له‌م نێوانه‌شدا چاره‌سه‌ری جیدی كێشه‌ی ئاشتبوونه‌وه‌ی نیشتمانی بكه‌ن.بۆیه داوا له هه‌موو هێزه‌كانی عێراقی ده‌كه‌ین،ئه‌وانه‌ی كه باوه‌ڕیان به پرۆسه‌ی سیاسی و ده‌ستوور هه‌یه‌و باوه‌ڕیان به عێراقی فیدرالی دیموكراتی هه‌یه كه هه‌نگاوی پێویست بهاوێژن بۆ چاره‌سه‌ر كردنی ئه‌م گرێیانه له پێناوی ده‌ربازبوون له چاره‌سه‌ری هێزه هه‌رێمی و نێوده‌وڵه‌تیه‌كانی بنیاد نراو له‌سه‌ر پێشنیار و راسپارده‌ی هه‌ڵه.

**مه‌سعود بارزانی**

**سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان**

2006\12\7